# عواد حەمەد بەندەری تینوو بەخوێنی ڕۆڵەکانی کوردستان!!

دەرسیم دیبەگەیی
چوارشەممە 2.2.2005
Darsim88@hotmail.com

عواد حەمەد بەندەر، سەرۆکی بەناو (دادگای شۆڕش) لە عێراقەکەی سەددام-دا، کە کارو پیشەیان تەنیا ڕەوانکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بوو بۆ ژوورەکانی سێدارەی ئەبووغرێب و موسڵ، فەرمانی مەرگ و سێدارەو زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بەسەر سەدان هەزار قارەمان و بێتاوانی کوردستانی سەپاندووە و ڕەوانەی کونجە تاریکەکانی زیندانی کردوون لەپێناوی درێژەدان بە سیاسەتی داگیرکارانەی زایۆنیزمی عەرەبی لە کوردستانی داگیرکراودا.

دوای ئەوەی کە دادگای تاوانەکانی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لە عێراق لە 26.1.2005 دا ڕایگەیاند کە دوا دانیشتنی لێپرسینەوە لەگەڵ تاوانباران بەرزان ئیبراهیم تکریتی و عەواد حەمەد بەندەر دەربارەی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن ئەو دوو تاوانبارە ئەنجام دراون دەربارەی ڕوداوەکەی دوجەیل لەساڵی 1982 و لەسێدارەدانی بازرگانەکانی ساڵی 1994،ئنجا زانیم کە تاوانبار عەواد بەندەری شۆڤینی و تاسەر ئێسقان دژ بە کوردو کوردستان، گیراوە. دڵم زۆر خۆشبوو بەگیرانی ئەو تاوانبارە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خەیاڵ بردمیەوە لای هەموو ئەوانەی بەفەرمانی ئەو تاوانبارە فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراو مەدالیای نەمریان کردە گەردن و ژیانی کەم بژی و کەڵ بژی-یان هەڵبژارد. لەوانە وێنەی شەهیدان: محەمەد قادر نادر لێپرسراوی ڕێکخراوی هەولێری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە هاوڕێیەکی نزیک و دڵسۆز و بەوەفام بوو لە 18.2.1986 گیراو لە 9.2.1987 دا فەرمانی لەسێدارەدانی لەلایەن عەواد بەندەرەوە دەرچوو و دوای 3 تا 4 مانگ لە قەسابخانەکەی بەعس لە ئەبوغرێب لەسێدارە درا. مامۆستا قادر و مامۆستا شێرزاد و هاوڕێیەکی تریان لە ڕێکخستنەکانی کەرکوکی کۆمەڵە. شەهید کەمال بایز ئیسماعیل خەڵکی دیبەگە و برای دکتۆر ئەرسەلان بایز لە 1985 گیراو دواتر لەسێدارە درا. شەهید سابیر خدر شەمشولە خەڵکی دیبەگەو سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و لە شانەیەکی چەکدار کە سەر بە هاوڕێ (م.س) بوو و پیاوانی ڕژێمی بەسزای گەل و شۆڕش دەگەیاند، لە ساڵی 1986 دەستگیرکراو لە کۆتایی مانگی 6ی 1987 دا فەرمانی لەسێدارەدانی دەرچوو و دواتر لە ئەبوغرێب لەسێدارە دراو لە ساڵی 2003 دا تەرمەکەی دۆزرایەوەو بۆ دیبەگە گوێزرایەوە. شەهید سەمەد مەخموری لەگەڵ شەهید سابیر بەیەک ڕۆژ گیران، شەهید سەمەد-م لە ساڵی 1984 دا ناسی لە ڕۆژی هێرشەکەی جاشەکانی سەید قەهار بۆسەر سەفین مەلاقەرە و سەلاح شینە لەناو شاری هەولێر. شەهید سەمەد بۆ یارمەتیدان و بەهاناوە چوونی ئەو دوو پێشمەرگەیە ڕوویکردە شوێنی شەڕەکە و ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە شکاندنی ئابلووقەی جاشەکان لەسەر ئەو دوو هاوڕێیە، بەڵام خۆی قاچێکی بریندار بوو و گواسترایەوە بۆ ئازادی بۆ ماڵی هاوڕێ بێستون (خدر عومەرە سوور) و لەوێ تیمارکراو چەند ڕۆژێک مایەوە. شەهید سەمەد کوڕێکی ئازاو نەترس بوو لەگەڵ شەهید سابیردا لەدەستەی بەسزا

گەیاندنی خائینان کاریان دەکردو هەر لەگەڵ ئەویش بەیەکەوە فەرمانی لەسێدارەدرانیان دەرچوو و لەسێدارەدران. شەهید ئیبراهیم وابزانم خەڵکی گوندی تەلەلخێم بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لەدەشتی هەولێر بەناوەکانی حامید و دینۆ کە هەردووکیان سیان بوون و لە شەڕێکدا گیران. ئەو سێ پێشمەرگە قارەمانە زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی جەلادەکان بوونەوەو نەک دوژمن تەنیا هیچی لێهەڵ نەکراندن، بەڵکو نکوڵیشیان لەوەکرد کە پێشمەرگە بووبن. بەڵام داخی گران، هەموو جارێ کە لە زیندانی ئەمنی هەولێر پرۆڤەی خۆئامادەکردن دادگاییکردنمان لەگەڵ ئەو سێ نەبەردە دەکرد، شەهید ئیبراهیم لە پرۆڤەکانیدا هەموو جارێک دەیگووت: (کاتێ کە جاشەکان هاتنە ناو دێ-یەکە، ئێمە خۆمان ڕادەستی ئەوان کرد). هەموو جارێک پێمان دەگووت: (مەڵێ جاش و بڵێ فورسان). کاک ئیبراهیم دەیگووت: (بەخوا زۆر زەحمەتە بتوانم بەجاش بڵێم فورسان، چونکە ئەوانە بەڕاستی جاشن، وابزانم ئەو جاشانە سەرم دەخۆن)!! بەڵێ، کاتێ ئەو سێ هاوڕێیە چوون بۆ دادگاو لەڕۆژی دادگاییکردنیاندا دیسان ئیبراهیم لەبەردەم عەواد بەندەری خوێنڕێژدا گووتبووی: (کاتێ جاشەکان گەیشتنە نێو دێ، ...............)! عەواد بەندەر هەزارو یەک جنێوی ساردی پێدابوو و پێی گووتبوو: (خۆت جاشی، باوکت جاشە، باپیرەت جاشە، بزانە چۆن ڕەوانەی دۆزەخت دەکەم). ئەوەبوو کاکە ئیبراهیم فەرمانی خنکاندنی دەرچوو و هەر لەهەمان ساڵ لەسێدارەدرا، حامید و دینۆ-ش هەر یەکەی بە 20 ساڵ زیندانی کران و دواتر لە 14.9.1988 ئازاد کران. هەروەها کۆمەڵێ شەهیدیتر کە بە فەرمانی ئەو بەچکە هۆلاکۆ-یە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە لەنێویاندا جەمال شینە کادیری زەحمەتکێشان، ڕێناس و ڕێباز ئالای شۆڕش بوون و موزەفەر مەخموری پارتی بوو هەروەها گەنجێک بەناوی تەحسین دانیشتووی بەستەپیازە-ی هەولێر بوو.

دواتر خەیاڵ گەڕاندمیەوە ناو هۆڵی چاوەڕوانی بەناو دادگای شۆڕش کە ئەوەندە پیس و پۆخڵ بوو، ئەگەر لەناچاری و بەزۆر نەبوایە هیچ کەسێک نەیدەتوانی بۆماوەی یەک خولەک-یش لەو هۆڵەدا بمێنێتەوە. هۆڵەکە پڕی بوو لە کونە مشک و جورج. ئاودەستەکەی بۆنی دەهات و سیسرکەو مشک لەهاتووچۆی بێوچاندا بوون. دیوارەکانی لەوانەیە تەنیا لەگەڵ دروستکردنیدا بۆیەکرابن و جارێکی تر بۆیە نەکرابنەوە. زۆر لەو کەسانەی هاتبوونە دادگا، ناوو ناونیشان و مێژووی هاتنی خۆیان لەسەر دیوارەکانی ناو هۆڵەکەدا نووسیبوو.

پرۆسەی دادگاییکردنەکانمان زۆر سەیربوو، هەر هەمووی بەبانگکردن و خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی تاوانبار کردن و لێپرسینەوەو بەرگریکردن لەلایەن پارێزەرێک کە کوڕی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی پێشووی عێراق بوو (کە تەنیا لەناو هۆڵی دادگاکەدا بینیمان و پێشتر نەمان بینیبوو) لەگەڵ پشوویەکی کورت و بانگکردنمان بۆ جاری دووەم و خوێندنەوە و ڕاگەیاندنی سزاکانمان، چل و پێنج خولەکی خایاند. ئەگەر ئەو 45 خولەکە دابەش کرێتە سەر هەر نۆ کەسمان، هەر یەکەو 5 خولەکمان بەر دەکەوێت. نۆ کەسەکە بریتی بووین لە: بەندە 10 ساڵ، کاکل ئەحمەد مەعروف (کاکلەڕەش) 10 ساڵ، عوسمان ئیسماعیل حوسێن شوانی (عوسمان شوانی) 15 ساڵ، موحەمەد مرور 15 ساڵ، موحەمەد حەمەدئەمین سیان 15 ساڵ، شێرزاد کورانی 20 ساڵ،تاریق کورانی 15 ساڵ، یونس

کورانی 20 ساڵ و سەردار کورانی 5 ساڵ. بەندەو کاکلە ڕەش و عوسمان شوانی بە تەنیا تەنیا بووین، شەش کەسەکەی دوایی بەیەکەوە بوون و سەر بەیەک شانەی کۆمەڵە بوون. بۆ ڕاگەیاندنی سزاکانمان ئەو سێیەی پێشوومان یەکە یەکە بانگکراین و شەشەکەی تریش بەیەکەوە، کاتێ کە سزاکەم بۆ خوێندرایەوە و لە هۆڵەکە دەرچووم و لەسەر ئەو پلیکانانەی کە دەهاتەوە ناو هۆڵی چاوەڕوانی لەسەر یەکەم پلیکان کە هەر هەموو برادەران بەپەرۆشی زانینی سزاکە بوون، بەپێکەنینەوە هەردوو دەستم بەرزکردەوەو تێمگەیاندن کە 10 ساڵیان بەسەردا سەپاندم. یەکێ لە ئەمنەکانی ناو هۆڵەکە کە چاودێری زیندانیەکانی ناو هۆڵەکەی دەکرد گووتی: 10 ساڵ زیندانی کرایت و پێدەکەنی، من لەشوێن تۆبام دەمردم، بڕۆ بۆخۆت بمرە باشترە لە پێکەنینەکەت). گووتم: بۆ مردن بەباشتر بزانم، خۆ چ لەسەر دزی نەگیراوم؟ ئەوپەڕی دوو تا سێ ساڵەو دەردەچین). گووتی: چی بکەین! ناتان دەنە دەست ئێمە تا نەیەلین دەربچن و هەمووتان بکوژین). گوتم: کەواتە ئەوانەی ژوورەوە (مەبەستم عەواد بەندەرو دوو بەناو دادوەرە هاوکارەکەی بوو) لە ئێوە باشترن؟ گووتی: زۆر، ئەگەر بەخواستی ئێمە بێت دەتانکوژین، دادگاکردنی بۆچیە هەمووتان شایەنی مردنن بێ دادگا).

بەڕاستی دادگاییکردنەکەمان بریتیبوو لە شانۆگەرییەک کە پێشتر هەموو شتێک بڕابووەوە. ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێ قسەی ساردی وەکو (ئین چەپ، ئسکوت، ئاژەل، گوێدرێژ، دوۆزن و موخەڕیب) لەلایەن عەواد بەندەر-ەوە بەهەر یەکە لە ئێمە گووترا. هیچ تاوانێکمان نەکردبوو، جگە لە پیادەکردنی مافێکی سەرەتایی خۆمان کە بریتی بوو لەخۆ ڕێکخستنمان لە ڕێکخراوێکی کوردستانی و داواکردنی مافی گەلەکەمان، کەچی بەو شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵماندا کردوو خراینە کونجی بەندیخانەوە. کەچی سەیرە ئێستاکە سەددام و عەلی کیمیاوی سەرباری ئەو هەموو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کوردو خاکی کوردستان کردوویانە، خۆیان بە بێتاوان دادەنێن و دادگاییکردنەکەیان بەشانۆگەری ناو دەبەن.

بەپێویستی دەزانم کە هەردوو حکومەتی کوردستان لەڕێگای وەزارەتەکانی مافی موۆڤەوە هەوڵبدەن لەسێدارەدان و زیندانیکردنی بەدەیان هەزار کوردستانی لەسەر دەستی عەواد بەندەر-دا بکەن بە دۆسیەک و لەدژی تاوانباری ناوبراودا بەرزی کەنەوە بۆ ئەو دادگا تایبەتیەی کە تاوانبارانی بەعسی تیا دادگایی دەکرێت.